**دەنگەکان: دواى تێپەڕبوونى 19 ساڵ بە سەر کارەساتى ئەنفالدا، ئایا ئەدەب توانیویەتى لە ناو خەیاڵ وفەنتازیاو زماندا ئەنفالێك دابمەزرێنێ جیاواز بێت لەو ئەنفالەی هەتا ئێستا زمانى سیاسى وئایدیۆلۆژیا پێیان ناساندوین؟**



**عەلى نارێنى** : پێش هەر قسەکردن وراڤەکارییەك بۆ پرۆسەی ئەنفال وکاریگەرییەکانی لە سەر دۆزی کورد وەك نەتەوەو بوارە جیاجیاکانی ژیانی تاکی کوردیش، دەبێ ئەو بزانین کە پرۆسەی ئەنفال پرۆسیسێکی ئامادەکراو بوو بۆ سڕینەوەی کلتوورو زمان ومێژوویی تاکی کورد. لەو راستیەشەوە بۆمان دەردەکەوێت بە جێبەجێکردنی ئەو پرۆسەیە کە لە هەشت قۆناغی لە دواى یەك ولە سەرجەم ناوچەکانی باشووری کوردستاندا ئەنجامدرا، چەند گەورەو کوشندە بووەو چی کاریگەریەکی ترسناك وئاڵۆزی لە سەر باری کۆمەڵایەتی وئابووری وفەرهەنگی کورد بە جێ هێشتووە. لێرەوە ئەگەر بڕۆینەوە سەر پرسیارەکە ئەوا دەڵێین ئەدەب وسیاسەت پێکەوە بەستراون، بەڵکو ئەدەب وسیاسەت دوو ئەڵقەی یەك زنجیرەن کە لە گەل ژانر وبوارەکانی تردا سووڕی سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی پێکدێنن. بۆیە ئێمە ئەگەر مەبەستمان لە گوتاری سیاسی وگوتاری ئەدەبی بێ سەبارەت بە ئەنفال، یاخود دارشتنی سیاسیانە ودارِشتنی ئەدەبیانە بێ سەبارەت بە ئەنفال ئەوا لە وەڵامی ئاوها پرسیارێکدا ئەبێ بە وردی قسەبکەین.

ئەگەر ئەمڕۆ ودواى تێپەڕبوونی 19 ساڵ بە سەر کارەساتی ئەنفالدا بمانەوێ بڕوانینە ئەو گوتارەی کە ئەدەب لە بارەی ئەنفالەوە بەرهەمیهێناوە، یاخود ئەو زمان وژان ودیمەن وئاماژانەی کە ئەدەب وێنایی کردوون ولە سەری وەستاون، دەبینین نەخێر ئەدەب هیچ ئەنفالێکی جیاوازی دانەمەزراندووە، بەڵکو چۆن لە فەرهەنگی سیاسیماندا هەڵەبجەو ئەنفال کارەساتی بۆنەکانن وتەنها لە بۆنە و ساڵیادەکانیاندا دەکەونەوە بەر باس وقسەیان لە سەر دەکرێ وهەموو ساڵێکیش هەر بە هەمان گوتارو هەناسە ودروشمی ساڵانەوە بەڕێ دەکرێن. بە هەمان شێوە لە ئەدەبیشدا، ئەنفال تەنها لە ساڵیادیدا دەنووسرێتەوەو بە هەمان زمان و هەناسە و تێڕوانینەوە قسەی لە سەر دەکەین کە نۆزدە ساڵە دەینووسین ودەیخوێنینەوە. ئەوەی لێرەدا جێگەی نیگەرانییە، زمانی ئەدەب زمانی باڵای هەر میللەت ونەتەوەیەکە بەڵام لە ئەدەبی ئێمەی تایبەت بە ئەنفال ئەو زمانە باڵایە دابەزیوەتە ئاستی دروشمێکی سیاسی وبووەتە زمانی ژمارەو قارەمان وکڕوزانەوەو دروستکردنی ئەفسانە گەلێك کە جگە لە بچووك کردنەوە لە گەورەیی کارەساتەکە هیچ هێزێکی تری پێ نەبەخشیوە. جگە لە مراندنی زیندوویەتی کارەساتەکە هیچ گوڕێکی ئەدەبیانەی پێ نەبەخشیوە. بەواتایەکی تر چۆن سیاسەت تەنها بە دروشمێکی رووکەشانە کارەساتەکە بەسەر دەکاتەوە، بەهەمان شێوە ئەدەبیش نەیتوانیوە دیوەکەی تری کارەساتەکە بخوێنێتەوەو کاکڵەیەکی جیاواز لە زمان ودەربڕین بێنێتە بەرهەم. بۆیە ئەگەر ئێمە دەمانەوێ ئەنفالێکی جیاواز لە ئەدەبدا دابمەزرێنین دەبێ زمانی لاساییکردنەوەی سیاسەت وئایدیۆلۆژیا بخەینە لاوە و زمانی تایبەت بە ئەنفال بەرهەم بێنین، ئەمەش بە تەنها ئەرکی ئەدیبانی کوردستانی باشوور نییە، بەڵکو ئەرکێکی نیشتمانیەو دەبێ تەواوی وێژەوانانی کورد ئیشی لە سەر بکەن.

**دەنگەکان :** تایبەتمەندی ئەو زمانە چۆنە کە ئەدەبی کوردی بۆ بەرجەستەکردنەوەی ئەنفال بەرهەمی هێناوە؟

**عەلی نارێنی** : نۆزدە ساڵە ئێمە ئەدەب دەنووسین، لە شیعرو رۆمان و.....هتد، چەندین رۆمان وچیرۆك وقەسیدەی درێژمان بەرهەم هێناوە، کە من پێم وایە هەندێك لەو دەقانەش بە تایبەت قەسیدەکان لە شێوەی دەقێکی شانۆیی بنووسرایەن وئیشیان لە سەر بکرایە بۆ نمایشکردنیان، خزمەتێکی زیاتری دەکرد لەوەی کە لە شێوەی قەسیدەی درێژ دارێژراون. هەموو ئەو ئەدەبەش ئەگەر چی بەهەناسە و فۆرم وتەکنیکی جیاواز لە یەکتر نووسراون بەڵام هەموویان لە چەند خاڵێکدا کە کرۆکی باسەکەن هاوبەشن. بێگومان دەتوانین ئەو خاڵە هاوبەشانەش بە تایبەتمەندییەکانی ئەو زمانە بژمێرین کە بۆ بەرجەستەکردنەوەی ئەنفال بەرهەم هاتووە.

ئەگەر تەماشا بکەی لەو ئەدەبەدا کە لە بارەی ئەنفالەوە لە 19 ساڵی رابردوودا نووسراوە ( شیعر بە شێوەیەکی تایبەت)، زمانی کرۆزانەوەو پاڕانەوە، داماوی وچەوسانەوە، گریان بۆ گۆڕە شکاوەکان، کفرکردن بەو خوایەی کە عەرەبی دروستکردووەو عەرەبیش ئێمەی ئەنفال کرد، یان چاوەڕوانی ونەگەڕانەوەی ئەنفالکراوەکانمانە. کەچی لە بەرامبەریشدا هەندێك شتی گەورەتر خراونەتە لاوەو وەکو پێویست قسەیان لە سەر نەکراوە، وەکو بۆ نموونە: ئێمە بۆ ئەنفال کراین؟ بۆ لە ئاستی ئەو کارەساتە گەورەیە لەو رۆژەدا جیهان بێدەنگ بوو؟ وچەندین پرسیاری تر کە پێویستە ئەدەب بیانورووژێنێ. لێرەوە ئیتر دەبێ گومان بکەین لەوەی ئایا زمانی کوردی هەژارەو ناتوانێ وروژێنەر بێ، یاخود وێژەوانانمان بەو زمانەی کرۆزانەوەو گریانە راهاتوون و دەیانەوێ ئەو وێنایە لە ئەدەبدا ببڕنە بەر کارەساتەکە؟

**ئاخۆ ئەدەب دەتوانێ زمانێك بێ بۆ بە جیهانیکردنی کارەساتی ئەنفال؟**

بەڵێ ئەدەب دەتوانێت زمانێك بێ بۆ بەجیهانیکردنی کارەساتی ئەنفال، بە مەرجێك ئێمە خۆمان بگەینە ئەو بڕوایەی کە ئەدەب دەتوانێ لە خۆیدا پەیامگەلێکی هەمەجۆر هەڵگرێت وبۆ ئەو مەبەستەش بە بڕوا سەلیقەو تەوزیفێکی لە بارەوە مامەڵەی لە تەکدا بکەین. دەبێ لە خەمی ئەوەدا بین کە ئەنفال بە هەموو ئێش وژان ودیمەن وکاریگەریەکانییەوە وەك خۆیی بنووسینەوە، بەڕادەیەك هەوڵبدەین سەبارەت بە کارەساتی ئەنفال زمانێکی جیاواز دروست بکەین بە ناوی(زمانی کارەسات)، کە ئەدەبیش رایەڵەیەك بێت بۆ گەیاندنی ئەم کارەساتە بە دەرەوەی خۆمان دەبێ بەوپەڕی سەلیقە و متمانەوە کار بکەین بۆ جێکردنەوەی ئەو زمانی کارەساتە لە ئەدەبدا، بەم شێوە ئێمە دەتوانین زمانێکی جیاوازو ئەدەبێکی تر بەرهەم بێنین بۆ بەرجەستەکردنەوەی کارەساتی ئەنفال. بەڵام لێرەدا دەبێ ئەوەش بزانین کە ئێمە تا چەند لە دەرەوەی خۆمان ئەو ئەدەبەی دەینووسین دەخوێندرێتەوە تا دڵنیابین لەوەی ئەو کارەساتەی لە ئەدەبەکەماندا جێگای دەکەینەوەو دەینووسین وبەرهەمی دێنین لە دەرەوەی خۆمان دەخوێندرێتەوە. یان تا چەندە خەڵکی دەرەوەی خۆمان پەرۆشە بۆ وەرگێران وخوێندنەوەی ئەو ئەدەبەی ئێمە لە بارەی کارەساتی ئەنفالەوە بەرهەمی دێنین. ئەوەش کێشەیەکی ترەو دەبێ لە رێگای وەرگێڕانەوە چارەسەری بکەین. دەڵێم بە داخەوە کە بۆ ئەو مەبەستەش دیسان کەمتەرخەمین، بۆ نموونە ئێمە لە هەفتەیەکدا چەندین کتێب لە بابەتی جۆراوجۆر لە زمانی جیاجیاوە وەردەگێڕینە سەر زمانی کوردی وچاپ وبلاو دەبێتەوە، بەڵام بە دەگمەن لە ساڵێکدا دەبینین کتێبێکی کوردی وەردەگێڕدرێتە سەر زمانێکی دیکە.